**وەزارەتی پەروەردە**

**ژمارە:١٢٣١٧ لە ٢٠١٩/٧/٢٥**

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٩**

ئامـاژە بە نووسـراوی وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری /ب.گ بـوودجە /ب میلاکـات ژمـارە (٢٤٠٢)لە ٢٠١٩/٥/١٦ تایبەت بە پەسەند کردنی پەیکەری رێکخستنی وەزارەتمان بریاردرابە:-

- یەکخستنەوەی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی (پەیوەندییەکان) و بەڕێوەبەرایەتی (ڕاگەیانـدن) لە یەك بەرێوەبەرایەتی لە ژێر ناوی ( بەرێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و پەیوەنـدییەکان) سـەر بە نووسـینگەی وەزیر.
- ئەم بەیانە جێ بەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە.

---

**وەزارەتی پەروەردە**

**ژمارە:١٢٣١٦ لە ٢٠١٩/٧/٢٥**

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٩**

ئامـاژە بە نووسـراوی وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری /ب.گ بـوودجە /ب میلاکـات ژمـارە (٢٤٠٢)لە ٢٠١٩/٥/١٦ تایبەت بە پەسەند کردنی پەیکەری رێکخستنی وەزارەتمان بریاردرابە:-

- یەکخسـتنی هەردوو بەڕێـوەبەرایەتی (کـارگێری) و بەڕێـوەبەرایەتی (خـزمەت گـوزاری) لە یەك بەرێـوەبەرایەتی لە ژێـر نـاوی ( بەرێـوەبەرایەتی کـارگێری و خـزمەت گـوزاری ) سـەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان.
- ئەم بەیانە جێ بەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە.

---

**وەزارەتی پەروەردە**

**ژمارە:١٢٣١٨ لە ٢٠١٩/٧/٢٥**

**بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٩**

ئامـاژە بە نووسـراوی وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری /ب.گ بـوودجە /ب میلاکـات ژمـارە (٢٤٠٢)لە ٢٠١٩/٥/١٦ تایبەت بە پەسەند کردنی پەیکەری رێکخستنی وەزارەتمان بریاردرابە:-

- یەکخسـتنی هەردوو بەڕێـوەبەرایەتی (خـۆیەتی) و بەڕێـوەبەرایەتی (میلاکـات) لەیەك بەرێوەبەرایەتی لە ژێر ناوی (بەرێوەبەرایەتی خۆیەتی و میلاکات) سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان.
- ئەم بەیانە جێ بەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە.

**ئالان حمه سعيد صالح**

**وەزیری پەروەردە**

**وەزارەتی پەروەردە**

**ژمارە: ١٢٣١٨ لە ٢٠١٩/٧/٢٥**

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٩**

ئامـاژە بە نووسـراوی وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری /ب .گ بـوودجە /ب میلاکـات ژمـارە (٢٤٠٢)لە ٢٠١٩/٥/١٦ تایبەت بە پەسەند کردنی پەیکەری ڕێکخستنی وەزارەتمان بریاردرابە -:

١- یەکخستنی هەرسێ هۆبەی (دەرکردە) وهۆبەی (وەرگرتە) و هۆبەی ( پۆستی ئەلکترۆنی) لە یەک هۆبە لە ژێر ناوی (هۆبەی دەرکردەو وەرگرتە و پۆستی ئەلکترۆنی ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان / ب.کارگێری و خزمەت گوزاری.

٢- داخستنی (هۆبەی پەراوگە) و کردنەوەی هۆبەی کۆگای دیوانی وەزارەت سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ ب. کۆگای ناوەندی وەزارەت

٣- داخستنی هۆبەکانی (ئۆتۆمبێل و چاپ) و گۆرینی بەشی خزمەت گوزاری بۆهۆبەی خزمەت گوزاری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ ب. کارگێری و خزمەت گوزاری.

٤- داخستنی بەش و هۆبەکانی ( بەشی ژمێریاری دیوان و بەشی خەرجیەکان و بەشی بوودجە و هۆبەی ژمێرکاری و هۆبەی تۆمارگاکان و هۆبەی خەزنەدار و هۆبەی ئەرشیف ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان / بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری.

٥- داخستنی هۆبەکانی (سەرمووچە و بەرزکردنەوە و میلاکات و خانەنشین ) و یەکخستنەوەی هەردوو (هۆبەی دۆسیەکان و هۆبەی ئەرشیف) بۆ یەک هۆبە لە ژێر ناوی (هۆبەی ئەرشیف و دۆسیەکان) وە کردنەوەی هۆبەیەك بە ناوی هۆبەی ( دۆسیەی میلاك) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ ب خۆیەتی و میلاکات

٦- کردنەوەی هۆبەی (گرێبەستەکان و بەدواداچوون ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ ب.گرێبەستە گشتییەکان

٧- داخستنی هۆبەکانی (پەرتووك و هێنان و گرێبەست و خەملاندن و گواستنەوە) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ ب.تجهیزات.

٨- داخستنی هۆبەی (وەرگێران) و یەکخستنەوەی هەردوو (هۆبەی نێت ۆورک) و (هۆبەی ئەنتەرنێت) بۆ یەك هۆبە لە ژێر ناوی ( هۆبەی نێت ۆورک و ئەنتەرنیت ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی پەروەردەیی.

٩- گۆرینی ناوی (بەڕێوەبەرایەتی کۆمپیتەر و ئەنتەرنێت) بۆ ناوی ( بەڕێوەبەرایەتی تەکنەلۆژیای زانیاری ) وەناوی ( بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کۆمەلایەتی ) بۆ ناوی ( بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و دەروونی ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی پەروەردەیی.

- ئەم بەیانە جێ بەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە.

**ئالآن حمه سعید صالح**

**وەزیری پەروەردە**